وەزیری ژینگە و بایەزی چیک تاوتوێی ڕێگاکانی هاوکاری لە بواری پیسبوونی ئاو و بەڕێوەبردنی پاشماوەکان دەکەن

ئەمڕۆ دووشەممە، هێمن عەسکەری وەزیری ژینگە، لەگەڵ یان شنایداوف بایەزی چیک لە بەغدا، گفتوگۆی لەبارەی ڕێگاکانی هاریکاری لە بواری پیسبوونی ئاو و هەوا و بەڕێوەبردنی پاشماوە کرد.

لە ڕاگەیەندراوەکی وەزارەتی ژینگەدا هاتووە، "هێمن عەسکەری وەزیری ژینگە پێشوازی لە بایەزی چیک لە بەغدا، یان شنایداوف کرد، بۆ تاوتوێکردنی ڕێگاکانی هاریکاری هاوبەش لە ووبەووبوونەوەی ئاستەنگە ژینگەییەکان و بەهێزکردنی هاوبەشی نێوان هەردوو وڵات لەبوارە ژینگەییە جیاوازەکان."

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوە دەکرێت، "هەردوولا باسیان لە میکانیزمەکانی هاوکاری لە پاراستنی سەرچاوەکانی ئاو لە پیسبوون، بەڕێوەبردنی پاشماوەی بەردەوام، و ڕێگاکانی کەمکردنەوەی پیسبوونی هەوا، جگە لە سود وەرگرتن لە شارەزایی چیک لە بواری بازاڕەکانی کاربۆن و ئاوگەڕکردنی ئەزموونەکان لە جێبەجێکردنی چارەسەرییەکانی ژینگەی مۆدێرن".

وەزیری ژینگە جەختی لە پەرەشی حکومەتی عێراق کردەوە بە بەرزکردنەوەی هاوکاری نێودەوڵەتی بەتایبەت لەگەڵ وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا و سوودمەندبوون لە ئەزموونە ژینگەییەکانی ڕێژەیاتی ئەورووپا، لەوانە کەماری چیک، بە گەیشتن بە گەشەپێدانی بەردەوام و ووبەووبوونەوەی ئاستەنگە ژینگەییەکان کە لە زیادبووندان.

لە درێژی بەیاننامەکەدا هاتووە، "بایەزی چیک، لای خەیەوە، ئامادەیی وەاتەکەی دەربەی بە پاڕەپشتیکردنی عەراق لە بوارە جیاوازەکانی ژینگەدا"، ئاماژەی بەوەشکرد، "حکومەتی چیک هەوەدەدات پردی هاوکاری لە کەرتی ژینگەدا دروستبکات، هاوتەریب لەگەڵ هەوڵەکانی عەراق لە پرۆژەکانی ژەرخان وپەشکەوتنی تەلاسازیدا.

لە کۆتایی بەیاننامەکەدا هاتووە، "لە کۆبوونەوەکەدا، هاوڕکاری تەکنیکی وەزارەت، عەمار جابر عەتا، و بەڕێوەبەری گشتیی بەشی هەشیاری و هاگەیاندنی ژینگە، ئەمیر عەلی حەسون ئامادەبوون".